Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-18

# کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی خانوی بازنەیی لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**فهمی سعيد رشيد[1]، مناضل عباس قاسم[2]، سیامەند کريم محمود[3]**

1-بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
2- بەشی دەروونناسی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
3- بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | May, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August , 2025 |

**Keywords**

(ستراتیجی، خانوی بازنەیی، دەستکەوتی خوێندن، بیرکردنەوەی داهێنەرانە).

**Corresponding Author**

fahmisaid159@gmail.com
Munadil.abbas@garmian.edu.krd
Syamand.karem@garmian.edu.krd

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی لەسەردەستکەوتی خوێندن بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتەکۆمەڵایەتیەکان لای خویندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و بۆ سەلماندنی ئامانجەکان توێژەر سێ گریمانەی سفری داڕشتووە.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەدیزاینی ئەزموونی گروپی هاوسەنگ بەستووە، کە دوو گروپ لەخۆدەگریت، گرووپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی خانووی بازنەی وانەیان دەخوێند و گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بەڕێگای ئاسایی وانەیان دەخوێند، بە تاقیکردنەوەی پێشی- و پاشی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی داهینەرانە و تاقیکردنەوەی پاشی بۆ دەستکەوتی خوێندن.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار بۆساڵی خوێندنی (2025-2024 )، کە ژمارەیان (38) قوتابخانەی بنەڕەتی بوو، توێژەر بە مەبەست قوتابخانەی کوردۆقاسمی بنەڕەتی وەك بژاردەی توێژینەوەکە هەڵبژارد.

توێژەر هەردوو گروپی توێژینەوەکەی هاوسەنگکرد لە گۆڕاوەکانی (ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی کۆمەڵایەتی، زانیاری پێشینەیان لەسەر بابەتەکە ، پێوەری پێشیان بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە).

توێژەر لە توێژینەوەکەدا دوو پێوەری بەکارهێنا، یەکەم: تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بووکە بریتی بوو لە داڕشتنی (40) بڕگەی پرسیاری جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بەپێی سێ ئاستەکانی پۆلێنی بلوم (بیرهاتنەوە، تێگەشتن، جێبەجێکردن)، پاشان توێژەر ڕاستێتی و جێگری تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا.

دووەم: پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بووکە پێکهاتبوو لە (45) بڕگە، پاشان توێژەر ڕاستێتی و جێگیری تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا.

لەدوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونەکە، توێژەرلە ڕێگای هاوکۆلکە ئامارییەکان وەک: تاقیکردنەوەی تایی (T.test) و کای سکوێرەوە کاری لەسەر داتا بەدەستهاتووەکان کرد بۆ شیکردنەوەی داتاکان.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی خستەڕوو لەگەڵ کۆمەڵە ڕاسپاردەیک بۆ لایەنی پەیوەندیدار و خستەڕووی چەند پێشنیازێک بۆ توێژەرانی داهاتوو.خوێندکاران، تەمەن، زیرەکی، نمرەی پارساڵی خوێندکاران لەبابەتی

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1- گرفتی توێژینەوەکە

لەبواری مەعریفەی زانستیدا ڕۆژانە پێشهاتی نوێدەبینرێت، و بابەتی مێژوویش به شێکە لەو مەعریفە زانستییە (السلیمانی، 2013 :3-4)، لەم سۆنگەیەوە بۆیە وانەوتنەوە لەم بوارەدا پێویستی بە ناسینی ڕێگاو ستراتیجیە نوێیەکان هەیە و نابێت پشت بە شێوازی وانەوتنەوەی ئاسایی ببەسترێت (الخزرجی، 2003 :8) بۆیە دەبێت گورۆتینێکی وای پێبدرێت،کە بتوانێت زەمینەی دەستڕاگەیشتن بە تەواوی شتە نوێیەکانە برەخسێنێت. سەرباری ئەو ئاراستە جیهانیانەی کە پێشکەوتن و نوێگەری لە بواری پەروەردەدا پەیرەوی دەکەن.(زیتون،2011 : 8-12) بەڵام تا ئێستاش شێواز و هۆکارەکان و میکانیزمەکانی وانەوتنەوە لە دامەزراوە پەروەدەیی و زانستییەکان کۆن و تەقلیدییە و لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا نایەتەوە(الربیعی، 2003 : 9)

بەشێك لە مامۆستایانی بابەتی مێژوو کەمتەرخەمن لە بەکارهێنانی ستراترتیجی نوێی وانەوتنەوە و تا ئێستاش پشت بە ستراتیژ و شێوازە کۆنەکانی وانەوتنەوە دەبەستن، ئەمەش پرۆسەی وانەوتنەوە ئامانجەکانی خۆی بەدی ناهێنێت توێژەر بە پاڵپشتی ئەو ئەزموونە درێژخایەنەی کە لە بواری وانەوتنەوەدا هەیەتی هەستی پێکردووە.(السودانی ،2007 :2 )

لە بەر ڕۆشنایی ئەو بابەتانەی ئاماژەی پێکرا، توێژەر گەیشتە ئەو بڕوایەی وەڵامی ئەو خواست و داواکارییانە بدرێتەوە، کە سەردەمەکە دەیخوازێت. بۆیە دەتوانرێت ڕەهەندەکانی کێشەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانەی خوارەوە دیاری بکرێت

- ستراتیژییەتی خانوی بازنەی ، دەتوانێت وا لە خوێندکاری خوێندنی بنەڕەتی بکات کە بابەتی مێژوو بە تێگەشتنێکی بابەتی وپیشەییەوە بخوێنێتەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاستی فێربوون و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان.

- بەکارهێنانی ستراتیجی خانوی بازنەیی دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار پشت بە خوێندنێکی سەربەخۆ ببەستێت،و لەبەررۆشنایی بەشداری کردنی چالاکانەی لە نێو پۆلدا فێرخواز وەك ڕەگەزێکی کارا و چالاکی پرۆسەی خوێندن دەربکەوێت، لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانێت پەرە بە ئاستی زانستی و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بدات.

### 2-1- گرنگی توێژینەوەکە

بە درێژایی مێژوو پەروەردەکاران هەوڵیانداوە بە پێی پێویستی سەردەم و لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی بەرنامەوشێوازی نوێ فێرکردن پێشکەشبکەن.(امبوسعیدی والبلوشی،2006 :2) لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ستراتیجیەکانی خوێندنی نوێ یارمەتی گەشەکردن و وروژاندن و پاڵنەر لە نێو پۆلی خوێندندا دەدات و هانی زیاتری خوێندکاران دەدات (خلف والشبانی ،2011 :77 ).

ستراتیژجی خانوی بازنەیی بە یەکێك لەو ستراتیجیانە دادەنرێت، کە گرنگیی دەدات بە باشترکردنی جۆری فێربوون لای خوێندکار. ستراتیژی خانوی بازنەی خاوەنی کوالیتی بەرز و پێشکەوتووە خوێندکار لەو ڕێگەیەوە فێری چەندین بەهادەبن (السکران،2000 :22) لەگەڵ ئەوەشدا لەم ستراتیجیەدا کۆمەڵێك کردار، خەسڵەت فێردەبن کە لەخوێندنی تەقلیدیدا فێری نابن. وەك خودناسی، باوەربەخۆبوون، گەشەپێدانی گیانی گەڕان و پشکنین و بەفیڕۆنەدانی وزە و کات لە لایەن خوێندکار و مامۆستاوە.(مرعی والحلیة ،2000 :49).

فێرکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەم سەردەمەدا و لە زۆرێك لە وڵاتاندا بوتە ئامانجێکی گشتی لە ئامانجەکانی پەروەردە. دەتوانین بڵێین ململانێی نێوان وڵاتان ململانێی نێوان نەوەکان و ڕۆڵەکانیەتی لە پێناو گەیشتن بە دەستپێشخەرییەکی زانستی کە داهێنان و پێشکەوتنی لێبکەوێتەوە. ئامانجی باڵای پەروەردە لەسەدەی بیست و یەکدا بریتییە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوە بە هەموو شێوەکانیەوە لای تاك. بۆچوونی زۆرێك لە توێژەران لەم بارەیەوە ئەوەیە فێرکردنی بیرکردنەوە داهێنەرانە دەشێت ببێتە هۆی پەرەپێدانی بونیادی مەعریفی خوێندکار (المهدی ،اخروون ،2002 :6).

(توفیق،2019 ): لە لێکۆڵینەوەکەیدا باس لەوە دەکات گەشەپێدانی بیکردنەوە داهێنەرانە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەشدارییەکی زیرەکانە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن و زانیاری و ڕاستییە جیاوازەکان لەو چوارچێوەیەدا بناسێنەوە، گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە خوێندکار لە ڕێگەی شیکاری و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنەوە فەراهەم دەبێت. (توفیق ،2019: 197)

گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەچەند حاڵەتێکدا دەردەکەوێت، گرنگترینیان بریتین لە گومانکردن، مۆڵەتدان، کارکردن بە عەقڵ، وردبیرکردنەوە ،کرانەوەی عەقڵی و بەگژداچوونەوەی باوەکان و پرسیارکردن، گفتوگۆ و مشتومڕ، ڕوونکردنەوە، لێکۆڵینەوە، بەڵگەهێنانەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان. (زیتون, 2003 :45)

هەروەها توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ناسینی مێژوو هەلێکی نموونەیی بە تاك دەدات بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ئاڵۆز و بەکارهێنانی، و دونیای ئەمڕۆ کە گۆڕانکارییەکانی بە خێرایی ڕوودەدەن پێویستی بەو جەشنە بیرکردنەوەیە هەیە. ئەمەش ئەو هەلە بۆ خوێندکار دەرەخسێنێت تا کارامەییەکانی بیرکردنەوە بە دەستبێنێت ، بەتایبەت کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. (سرحان ،2015 :16)

لەبەر ڕۆشنایی بینینی سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر بۆی دەرکەوت، توێژەرانی بواری خوێندنی مێژوو گرنگییەکی زۆریان بە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای فێرخوازان لە قۆناغەجیاوازەکانی خوێندندا داوە. لەمیانەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی

کە ئامانجی توێژینەوەکە بووە دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ڕێگە و ستراتیژییەتی جیاواز گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەخولقێنێت، بۆیە بەکارهێنانی ڕێگە نوێیەکانی وانەوتنەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهینەرانە لای خوێندکار .

توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی لەم خاڵانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1- توێژینەوەکە بەسودە بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا..

2- بەسودە بۆ مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی ستراتیجی وانەوتنەوەی هاوچەرخ لە زیاترکردنی فێربوون و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە .

3- بەسودە بۆ ئەو مامۆستایانەی وەک لیژنەی پرۆگرام کاردەکەن لە نێو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جەختکردنەوە لەئاراستەکانی پەروەردەی نوێ و گرنگی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەمیانەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

4- بە سودە بۆ مامۆستایانی سەنتەرەکانی پیداگۆجی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەکارهێنان و ڕونکردنەوەی ئەم ستراتیجییە بۆ بەشداربوانی خولەکان.

## 1-3- ئامانجی توێژینەوەکە :

1 - زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی (خانوی بازنەیی) لەسەر دەستکەوت لای خوێندکارانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی.

2 - زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی (خانوی بازنەیی) لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی

## 1-4- گریمانەکانی توێژینەوەکە:

### 1-4-1- گریمانەی یەکەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بەپێی (خانوی بازنەیی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

### 1-4-2- گریمانەی دووەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بەپێی (خانوی بازنەیی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیکردنەوەی پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

### 1-4-3- گریمانەی سێیەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بەپێی (خانوی بازنەیی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

## 1-5- سنوری توێژینەووەکە

1- مرۆیی : خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری کەلار.

2- شوێن : قوتابخانەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار.

3- کات : ساڵی خوێندنی (2024 -2025 )

4 – بابەت: بەشەکانی یەکەم و دووەمی کتێبی بابەنە کۆمەڵایەتیەکانی نێو بڕیارلێدراوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق کە بۆپۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

## 1-6- پێناسەی دەستەواژەکان

### یەکەم: کاریگەری

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە:

- بریتییە لەتوانایی کردەی بۆ ئەجامدانی بابەتی خوێندن یاخود لێکۆڵینەوە لە هەربوارێکدا بێت لەدوای تەواو بوونی ئەوکارە کاریگەری ڕوویداوە یاخود نا (ابراهيم ، 2009 : 30)

- پێناسەی ڕێکاری (کاریگەری) :- بریتییە لە هەبوونی توانایی زانیاریی و مەعریفەی کە خوێندکار هەیەتی بەهۆی ئەزانیاریی و تواناو لێهاتوویەیی کەهەیەتی دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لەسەر ئەو ئامانجەی کەدیاریکردووە کاری لەسەر دەکات کەم بێت یاخود زۆر .

### دووەم: ستراتیجی خانووی بازنەیی

– بریتییە لە ستراتیجێکی وانەوتنەوە کە دەکرێتە دوو بازنەی ناوەکی و دەرەکییەوە، بازنەی ناوەکی ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکییەکە دونوێنێت، بازنەی دەرەکی وەك لقەکان (المسعودي و الهداوي ,2018 : 22).

- پێناسـەی رێکاری (سـتراتیجی خـانووی بازنـەیی): بریتییە لـە سـتراتیجیەکی وانەوتنـەوەی کـارا، کـە لەسـەر بنـەمای تیـۆری بونیـادی دامـەزراوە، لـە دوو بازنـەی نـاوەکی و دەرەکی پێـك دێـت، بـەکار دەهێنرێـت بـۆ وانەوتنـەوەی بابـەتی مـێژووی نێـو کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

## -دەستکەوتی خوێندن :

- بریتی یە لەوەرگرتنی کۆمەڵێك چەمك وزانیاری کە خوێندکار فێری دەبێت لەسەر ئەوبابەتی کە خوێندوێتی (ابوسنینة، 2008 : 15 )

- پێناسـەی رێکاری (دەسـتکەوتی خوێنـدن): ئەوزانیاریانەیـە کـە خوێنـدکار نمونـەی لێکۆڵینـەوە وەریـان دەگـرن لەبابـەتی (مـێژووی ئیسـلامی نـاو کتێـبی بریارلێـدراوی کۆمەڵایـەتی )پـۆلی هەشـتەمی بنـەڕەتی کـە لـەماوەی ئەزمونـدا دەیخـوێنین و بـەنمرەی ئـەو تاقیکردنەوەیە دەپێورێت کە بۆمەبەستی دەستکەوت ئامادەکراوە.

## - بابەتی مێژوو

هەریەك لەم کەسایەتییانە بەم شێوەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:

- مێژوو تەنها رووداوەکان نییە، بەڵکو شیکردنەوە و تەفسیرکردنی رووداوەکانە و گەیشتنە بە پەیوەندییە دیار و شاراوەکانییەتی کە پەرش و بڵاون و هەروەها ناسینی کات و شوێنە کە مرۆڤ لە ناویدا ژیاوە. (عبدالهادی, 2007: 2)

- پێناسـەی رێکاری (مێژوو): واتە ناسینی بیرکردنەوە و و رەفتار و چالاکییەکانی مرۆڤ لە ڕابردوودا، واتە درك و تێگەشتنی شێوازی ژیان و دونیابینی وهەوڵەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لەرابردوودا، بۆئەوەی لەدۆخی ئێستا تێبگەین و لەرێگەی بەهرەمەندبوون لەو ئەزموونە مێژووییە هەوڵی باشترکردن و گۆرینی هەلومەرجی ئێستا بدەین و پێشینی بۆژیانی داهاتوو بکەین.

## چوارەم: بیرکردنەوەی داهێنەرانە

- بریتییـە لـە چالاکییـەکی ئامانجـدار بـۆگەیشـتن بـە دەرئـەنجامێکی نـویٛ کـە پێشـتر کـەس پـێی نەگەیشـتبێت (یوسـف، 2019: 9).

- پێناسـەی رێکـاری (بیرکـردنەوەی داهێنەرانـە): بریتیـە لەو زانیـاری و بیرکـردنەوە و وەڵامـدانەوانەی کە خوێنـدکار لەرێـگەی برگەکـانی تـاقیکردنەوەیەکی تـایبەتەوە دەریـدەبرێت کە تێـدا لەشـێوەی داواکـردنی نوسـین وشـە وچەمـك و گوزارشـتی هەڵهێنجـانەوە دەریـدەبرێت و مامۆسـتا بەمیکـانیزمێکی تـایبەت پێوانەوهەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکـات بـۆ ئەوەی بزانێـت تـاوەکو چەند توانیویەتی ببێتە خاوەن بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### تیۆری ئۆزۆبیل

هەرسـتراتیجیەك کـە کـاری لەسـەردەکریت ، سـەربەیەکێك لەتیوەرەکانـە یـان نزیکـە لەیـەکیك لـەو تیوەرانـە ئـەم توێژینـەوەیش کـە لەسـەر سـتراتیجی خـانووی بازنەییـە سـەربە تیـوەری ئۆزوبیلـە کـە پـێی دەوترێـت تیـوەری فێربـونی مانـادار کـە لـەبواری فێربونـدا رۆڵی بەرچاوی هەیە (برهام ، 2024 : ل5)

ئۆزۆبیـل گـرنگی دەدات بـەفێربونی مـەعریفی وە تیوەرەکـەی لەسـەر بنـەمای فێربـوون دارشـتوە هـەروەها ئۆزۆبیـل لەگـەڵ (رۆبینسـۆن) پـەرەیان بـە تیـوەری فێربـونی واتـادار داوە (قـادر ،2020: 261)، تیوەرەکـەی چەنـدان لەوناوەرۆکانـە لـەخۆدەگرێت کـەدەکریٛ لـە فێرکـردنی قوتابخانەکانـدا بـەکاربهێنرێت وە سـودی لێوەرگرێـت وە لـەم تیـوەرەدا پێشـنیازی ئـەوەیکردوە کـە فێربـوونی چـەمك یـان بابـەتێك ، مانایـەکی دەرونی وەردەگرێـت کاتێـك وابەسـتەی چـەمکێك یـا بیرۆکەیـەکی پێشـینەی خوێنـدکار دەکـریٛ هـەروەها بـۆ ئـەوەی فێربـوونی تـازە مانایـەکی هـەبێ پێویسـتە وابەسـتەی بونیـادی مـەعریفی خوێنـدکار بکـریٛ (پارسا، 2021: 226-227).

## چەمکی ستراتیجی خانوی بازنەی (البیت دائری)

سـتراتیجی خـانوی بازنـەی بەیـەکێك لـە سـتراتیجیە کاراکـانی وانەوتنـەوە دادەنرێـت کەلایـەن (وانـدرسی )ی ئەمریکییـەوە نەخشـەی بـۆ راکێشراوە لـەزانکۆی لویزیانا لەسـاڵی 1994 ئیـدی لـێرەوە وەکـو سـتراتیجێکی چـالاك وکارا هاتـە نێـو دنیـای وانەوتنـەوە (قـادر :2022 : 141 ) وە ئـەم سـتراتیجە کـار لەسـەر مەعریفـەی خوێنـدکار دەکـات بەمەبەسـتی هاوکـاری کـردن و وە سـودبینینیان لەبابەتـە قـورس ئاڵۆزەکـان وە بـەش بەشـکردنی بابەنەکـە بـۆ ئـەوەی بـەجوانی لـێی تێبگـەن ، هـەروەها ئـەم سـتراتیجیە سـەرەتا لەگـەڵ بابەتـە زانسـتیەکاندا بـەکارهێنراوە بـەڵام دواتـر بـەهۆی گۆرانکـاری و قۆنـاغ دوای قۆنـاغ کـاری لەسـەر کـراوە وە سـەرجەم بابەتـەکانی دیکـەی خوێنـدن دەتـوانن سـود لـەم سـتراتیجە ببینـن وە بـەکاری بینـن چونکـە سـتراتیجێکی کارایـەو دەگونجێـت لەگـەڵ بابەتە جیاوازەکانی خوێندن و بۆ قۆناغەکانی فێرکردنیش شیاوە ( المزروع : 2005 : 22 )

## هەنگاوەکانی ستراتیجی خانووی بازنەیی :

ستراتیجی خانوویی بازنەیی بەکۆمەڵێك هەنگاوریگا کاری لەسەر دەکرێت گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەخەینە روو .

1- لەدەست پێك دیاریکردنی ئامانجی وانەکە
2- دەست نیشانکردنی چەمکی سەرەکی وە نوسینی لەناوئەوبازنە بچوکانەی کە لە ناوبازنە گەورەکە دیاریکراوە
3- دابەشکردنی چەمکە سەرەکیەکانی بابەتی وانە بۆچەند بەشێك بەپێی خانەکانی بازنەکە کەدروستی کردووە کەپەیوەندیان هەیە بەوانەکەوە ،
4- خوێندکاران ئەو وێنەییەی کە کێشاوێتی یان دروستی کردووە دەیخاتە پێش هاوپۆلەکانی دیکەی پێکەوە گفتوگۆدەکەن لەسەر بابەتەکە مامۆستا گوێ لە بیربۆچوونی خوێندکارەکان دەگرێت
5- مامۆستا پاڵپشتی خوێندکاران دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شێوەیەیی کە دروستیانکردوە بۆهەڵواسین لەپۆلدا . (سبیتان ،2010 : 130 )

## ڕۆڵی خوێندكار لەستراتیجی خانوی بازنەیدا

لەبەر ئەوەی لەستراتیجی خانوی بازنەی خوێندكار كارو چالاكی ئەنجام دەدات ڕۆڵی هەیە لێرەدا ئەو ئەرك كارانە دەخەینە روو خوێندكار هەڵدەستێ بەئەنجامدانی

1. دیاریكردنی ئامانجی بابەتەكە
2. دەستنیشانكردنی ئەو بیرۆكە سەرەكییەكان كە دەبێ لێیان بكۆڵێتەوە دایانرێژێنەوە
3. دابەشكردنی چەمكە سەرەكیەكان و بە بەكارهێنانیان وەبەستنەوەی ووشەكان بەجوانی ورووني
4. نوسینەوەی بیرۆكە تازەكان لەسەر وایت بۆردەكە (Jarada :2018 108 )

## 2-1-3 ڕۆڵی مامۆستا لەستراتیجی خانوی بازنەی

مامۆستا کاریگەری بەرچاوی هەیە لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا بۆیە مامۆستای بەتوانا خوێندکاری لێهاتوی لێ دێتە بەرهەم بۆیە توێژینەوە پەروەردەییەکان هەمیشە چاویان لەسەر مامۆستایە بۆ گەشەپێدانی بیری خوێندکار ستراتیجی خانوی بازنەی یەکێکە لەو ستراتیجانەی کە پێویستی بە مامۆستای لێهاتوو هەیە بۆ ئەوەی بەجوانی جێ بەجێبکرێت و ببێتە هۆی گەشەی خوێندکاران لەخوارەوە ئەو ئەرکانەی مامۆستا دەخەینە روو کە لەپۆلدا ئەنجامی دەدات .

1- دانانی پلانێکی روون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی وانەکە .
2- دابەشکردنی پۆلەکە بۆسەر چەند گروپێك بەشێوەیەکی یەکسان .
3- رێکخستنی ژینگەی پۆل بۆئەوەی بەجوانی وانەکە جیبەجێبکات .
4- هەمەچەشنکردنی ئامرازە پەروەردەییەکان (الكحول ، 2012 ، 20- 21 )

## 2-1-4 چەمکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە چالاکییەکی مێشکی ئاڵۆزە و ئامانجدارە و ئارەزوومەندانەیە، حەزێکی بەهێز ئاراستە دەکات بۆ گەڕان و دۆزینەوەی چارەسەری بە ئامانج و ڕەسەن، کە لەپێشتردا درکی پێنەکراوە و نەزانراوە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەوە دەناسرێت، کە تایبەتمەندە بە فراوانی بیرۆکە، لەهەمان کاتدا ناسراوشە بە ئاڵۆزی، چونکە چەندین جۆری مەعریفە و هەڵچوون و داچوون و ڕەوشتی ناوەوەی مرۆڤ لە خۆدەگرێت، کە هەموویان حاڵەتێکی هزرییە دەگمەنە. توێژەران بۆ تێگەیشتنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەندین جۆرو شێوازی تیوری بەکاردەهێنن بۆ چەمکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. وەك ( بیرکردنەوەی بەرهەمدار، بیرکردنەوەی دوور لە یەکتر، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی لە شتێکی نوێ ). (الشويلی واخرون،2016 : 209).

## 2-1-5 گرنگی بیرکردنەوەی داهینەرانە

دیارە بیرکردنەوە چالاکیەکانی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە ، بیرکردنەوە ڕەفتارێکی ئاڵۆزە ، و مرۆڤ بەوهۆیەوە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ورژێن و بارودۆخە جیاوازەکاندا بکات وە بەسەریاندا زاڵ بێت ، لێرەوە گرنگی بیرکردنەوەمان بۆدەردەکەوێت کەوالە مرۆڤ دەکات لەرێگای بیرکردنەوەی داهینەرانەوە شیکردنەوە بۆ بارودۆخە جیاوەزەکانی بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە هۆکارێکە بۆ گەشە پێدان سەرکەوتن لە ژیاندا ، لێرەدا بەچەند خاڵێك بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەخەینە روو .

1- پرسیارکردن و گەڕان : وادەکات هەمیشە پرسیار لەسەر بابەتەجیاوازەکان بکەی بۆ ئەوەی وەڵامی جۆراو جۆرت دەست بکەوێت لەسەر بابەتەکە .

2- تۆمارکردنی بیرۆکەکان : ئەو بیرۆکە تازانەی دەستت دەکەوێت تۆماریان بکەی بۆ ئەوەی لەیادت نەچێت بە دروستی کاریان لەسەربکەی .
3- پێدانی کات : بۆ ئەوەی بە ئازادی بیربکەیتەوە لەرێگەی بیرکردنەوەکانت بیرۆکەی نوێ دەستەبەربکەی .
4- تێهەڵکێشکردنی بیرۆکەکان لەم رێگەیەوە وادەکات بیرۆکە تازەکان و کۆنەکانت تێکەڵی یەکدی ببن بیرۆکەی دروستت دەست بکەوێت .( زغلول ، 2015 ، 311 )

## توێژینەوەکانی پێشوو

1توێژینەوەی (عیدان، 2021)

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی عێراق ئەنجام داوە بە ئامانجی زانینی (کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی جیاواز لە نێوان خوێندکاران لەبابەتی جوگرافیادا)، بژاردەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٦٠) خوێندکار، ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ئامادەکردنی پرسیار بۆ گۆراوە پاشکۆی (دەستکەوتی خوێندن).

توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێنا، تاقیکردنەوەی تائی بۆدووگروپی هاوسەنگ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە جیاوازی ئاماری هەیە ئەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو.

1 - توێژینەوەی (الحراحشة، ٢٠٢١)

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی ئەردەن ئەنجام داوە بە ئامانجی زانینی (کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەردەستکەوتی چەمکە زانستییەکانی خوێندکارە کچەکان و پەرەپێدانی پرۆسەکانی زانست لە نێوان خوێندکارانی پۆلی پێنجەم لە پارێزگای مەفرەق)،

بژاردەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٤١) خوێندکار، ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ئامادەکردنی پرسیار بۆ گۆراوە پاشکۆی (دەستکەوتی چەمکە زانستییەکان و تاقیکردنەوەی پرۆسەکانی زانست).

توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئەم ئامرازی ئامارییی ANOVA way One، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە جیاوازی ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو.

2 - توێژینەوەی ((العجمي والظفيري ، ٢٠٢٣)

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی کوێت ئەنجام داوە بە ئامانجی زانینی (زانینی کاریگەرییەروەردەی جیاواز لەبەکارهێنانی ستراتیجی پالەپەستۆکردنی ناوەرۆکی پرۆگرام لەپەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەردەستکەوتی خوێندن لەنێوان خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی)، بژاردەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٤٧) خوێندکار، ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ئامادەکردنی پرسیار بۆ گۆراوە پاشکۆ (پێوەری زیرەکی زمانەوانی، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن). توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێنا (تاقیکردنەوەی کای دووجا، تاقیکردنەوەی تایی بۆدووگروپ هاوسەنگ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە جیاوازی ئاماری هەیە لەئاستی (0.01) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەرژوەندی گروپی ئەزموونی.

## بەشی سێیەم: رێکارییەکانی توێژینەوەکە

### 3-1- میتۆدی توێژینەوەکە

توێژەر میتۆدی توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە چونکە گونجاوە لەگەڵ ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە.

### 3-2- دیزاینی ئەزموونی

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزاینە بەستووە کە ناسراوەبە (دیزاینی ئەزموونگەری) گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فان دالین،2007 :303-304)، کە لە دوو گروپ پێکدێت گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی خانووی بازنەیی وانە وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکراویش هەمان وانە بە رێگایەکی ئاسایی وەردەگرن، تاقیکردنەوەی پێشی پاشی بۆ گۆراوی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆراوی دەستکەوتی خوێندن بەکارهاتووە. خشتەی (1).

**خشتەی ( 1 ) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە**

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشی | رێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بیرکردنەوەی داهێنەرانە | خانووی بازنەی | - بیرکردنەوەی داهێنەرانە<br>- دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆڵکراو | | رێگای ئاسایی | |

## 3-3- كۆمەڵگە و بژاردەی توێژینەوەكە

### 1-3-3- كۆمەڵگەی توێژینەوەكە

كۆمەڵگـەی توێژینەوەكـە هـەموو خوێنـدكارانی پـۆلی هەشـتەمی بنـەڕەتی لـە ناوەنـدی شـاری كـەلار بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (2024 – 2025) لــە خۆگرتــووە كــە ژمارەیــان (3031) خوێنــدكارە و بەســەر (38) قوتابخانــە دابــەش دەبــن و ئەوانــەی كــە بــەڕۆژ دەوام دەكەن.

### 1-3-3- بژاردەی توێژینەوەكە

بژاردەی توێژینەوەكەش لە دووبەش پێكدێت و ئەوانیش بریتین لە:

**- بژاردەی قوتابخانە**

بــژاردە بەشــێكە لــەو كۆمەڵگەیــەی كــە توێژینەوەكــەی لەســەر ئەنجامــدەدرێت و بــەپێی چەنــد ڕێســایەكی تایبــەت هەڵــدەبژێردرێت بــۆ ئــەوەی بەشــێوەیەكی دروســت نوێنەرایــەتی كۆمەڵگەكــە بكــات (داود وعبــدالرحمن، 1990 :119)،تــوێژەر قوتابخانــەی كوردۆقاســمی بنــەڕەتی هــەڵبژارد، پــاش نــاردنی نــوسراو لــە ڕاگرایــەتی كــۆلێژی پــەروەردەی بنــەڕەت زانكــۆی گــەرمیان بــۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار و لەوێشەوە بۆ قوتابخانەی كوردۆقاسمی بنەڕەتی.

توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی كوردۆقاسمی بنەڕەتی هەڵبژارد، لەبەر چەند هۆكارێك لەوانە:

- نزیكی قوتابخانەكە لەڕووی شوێنی نیشتەجێبونەوە.
- بوونی چوار گروپی پۆلی هەشتەم لەو قوتابخانەیەدا كە ئەمەش وادەكات بە شێوەیەكی هەڕەمەكی گروپەكان هەڵبژێردرێت.
- كارگێڕی قوتابخانەكە ئامادەییان دەربڕی بۆ هاوكاریكردن و كارئاسانی لە پێناو سەرخەستنی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەكە.

**– بژاردەی خوێندكا**

پاش بەسەركردنەوەی قوتابخانەكە توێژەر بۆی دەركەوت، كە خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی چوارگروپن ( أ، ب، ج، د )، كەژمارەیان (58) خوێندكاربوون ، دوای دوورخستنەوەی خوێندكارە دەرنەچووەكانی پارساڵ، كەژمارەیان (4) خوێندكاربوو وە هۆكاری دوورخستنەوەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەساڵی پار دەرنەچوون لەبەر ئەوەی لە ڕووی عەقڵی و گەشەكردنەوە پێش دەكەون ئەمەش كاردەكاتە سەرووردی و دروستی ئەنجامەكانی ئەزموونەكە ، وەخوێندكارە دوورخراوەكانیش لەپۆل ناكرینە دەرەوە بۆ پاراستنی سیستەمی قەتابخانە خوێندن(الزوبیعي , 1981 , 95)  توێژەر بەشێوەیەكی هەڕەمەكی سادە دوو گروپی هەڵبژارد، لە ئەنجامدا گروپی (ج) بە گروپی ئەزموونی و گروپی (د ) بە گروپی كۆنترۆڵكراو ناسێنران. بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی ( 2 ) گروپ و ژمارەی خوێندكارانی بژاردەی توێژینەوەكە**

| گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژ.خویندكار | ژ.خوێندكاری دوورخراو | ژ. كۆتایی خوێندكاران |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجی خانەی بازنەیی | 28 | 1 | 27 |
| كۆنترۆڵكراو | ڕێگای ئاسایی | 30 | 3 | 27 |
| كۆ | | 58 | 4 | 54 |

## 4-3-هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوە

پێویســتە تــوێژەر هــەردوو گــروپی ئــەزموونی و كۆنترۆڵكراولــە چەنــد گــۆڕاوێكی پەیوەندیــداردا هاوســەنگ بكــات، بــۆ ئــەم مەبەستە توێژەر هەردوو گروپەكەی لەم گۆڕاوانەی خوارەوەدا هاوسەنگ كرد:

### 1-4-3- ئاستی خوێندنی باوكان و دایكانی خوێندكار

مەبەســت لــە ناســینی ئاســتی خوێنــدەواری دایكــان و باوكــانی خوێنــدكار ئەوەیەكــە تــوێژەر بــۆی ڕوونبێتــەوە كــە دایــك و بــاوكی خوێنــدكارانی هــەردوو گــروپی توێژینــەوە خــاوەنی چ ئاســتێكن لــە ڕیزبەنــدی ئــەو ئاســتانەی كــە تــوێژەر دیاریكردووە،كــە ژمارەیــان (5) پێــنج ئاســتە( بێ بڕوانامــە، بنــەڕەتی، ئامــادەیی، پــەیمانگا، كــۆلێژ بەســەرەوە)، پاشــان تــوێژەر بــەپێی پێــوەری خوێنــدەواری و بڕوانامــە بەهای هەریەك لە ئاستەكانی دیاریكردووە. بڕوانە خشتەی  (3)

**خشتەی ( 3 )ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی خوێندکار**

| ماره | ئاستی خوێندەواری | بەهاکان |
|---|---|---|
| | بێ بڕوانامە و سەرەتایی | 1 |
| | ناوەندی و ئامادەیی | 2 |
| | پەیمانگا و كۆلێژ بەسەرەوە | 3 |

## 3-4-2- ئاستی خوێندنی باوکان

توێژەر ئاستی خوێندەواری باوکی خوێندکارانی لە ڕێگەی دۆسیەی خوێندکار لە کارگێڕی قوتابخانە و هەروەها فۆرمێکەوە خوێندکاران پڕیان کردەوە، بۆی دەرکەوت، بڕوانە پاشکۆی (3)، پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێریەکە تاقیکردنەوەی (کای سکێوەر)ی بەکارهێنا و لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای دەرهێنراو (0.307) بچوکترە لە بەهای خشتەیی (5.991)، لە لەئاستی (0.05). کەواتە جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری نییە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراودا لە ئاستی خوێندەواری باوکانی خوێندکاراندا، واتە هەردوو گروپ هاوسەنگن لەگۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوکان، بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی ( 4 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی نێوان ئاستی خوێندەواری باوکانی خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | بێبڕوانامە و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ. خوێندکار | نرخی کای دووجا | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 7 | 8 | 27 | 0.307 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 10 | 8 | 9 | 27 | | | |
| کۆ | 22 | 15 | 17 | 54 | | | |

## 3-4-3- ئاستی خوێندنی دایکانی خوێندکاران

توێژەر ئاستی خوێندەواری دایکی خوێندکارانی لە ڕێگەی دۆسیەی خوێندکارانی لە کارگێڕی قوتابخانە و هەروەها فۆرمێکەوە کە بەسەر خوێندکاراندا دابەشکرا بۆی ڕوون بوویەوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3) پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێریەکە تاقیکردنەوەی (کای سکێوەر)ی بەکارهێنا و لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای دەرهێنراو (0.325) بچوکترە لە بەهای خشتەیی (5.991)، لە لەئاستی (0.05). کەواتە جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری نییە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراودا لە ئاستی خوێندەواری باوکانی خوێندکاراندا، واتە هەردوو گروپ هاوسەنگن لەگۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوکان، بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی ( 5 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی نێوان ئاستی خوێندەواری دایکانی خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | بێبڕوانامە و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ. خوێندکار | نرخی کای دووجا | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 10 | 11 | 6 | 27 | 0.325 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 9 | 7 | 27 | | | |
| کۆ | 21 | 20 | 13 | 54 | | | |

## 3-4-4- تەمەنی خوێندکاران

توێژەر تەمەنی خوێندکاری لە ڕێگەی تۆماری دۆسیەی تایبەت بەخوێندکار بۆ نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرت، سەرەڕایی دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بەسەر خوێندکاران بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵی تەمەنیان، بەم پێیە تەمەنیان بە مانگ دیاریکرا تا ڕێکەوتی (17 / 10 /2024)، پاش وەرگرتنی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی کۆنترۆڵکراودا، لە

ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـە نێـوان ناوەنـدەژمێری گـروپی ئـەزموونی (161.000) و گـروپی کـۆنترۆڵکراو (162.230) دا نییـە، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (0.936) بچـوکترە لـە بـەهای خشـتەیی (2.007)، کەواتـە خوێنـدکارانی هـەردوو گروپ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن. بڕوانە خشتەی (6)

**خشتەی ( 6 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 161.000 | 5.240 | 0.936 | 2.007 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 162.230 | 7.370 | | | |

## 3-4-5- زیرەکی

تـوێژەر بـۆ زانینـی ئاسـتی زیـرەکی پشـتی بـە تاقیکردنـەوەی پێـوەری ڕافـن بەسـتووە، پیوەرەکـەش (بریتیـە لـە کۆمـەڵێك وێنەکەیـەکێکیان تەواونـەکراوە ، داواڵەخوێنـدکارەکان دەکرێـت وێنەیـەکی گونجـاو بـۆ ئـەو وێنـە تەواونـەکراوە هـەڵبژێرن ، وە ئـەم پێـوەرە پلەیـەکی بـەرزی وراسـتی وجێگـری هەیـە) (مصـطفی ،2023، 59) کـەگونجاوترە کەبۆتەمـەنی (8- 18 ) سـاڵ و لـە 50 بڕگـە پێك دێـت و خوینـدکار بـۆ هـەر وەڵامێکی ڕاسـت یـەك نمـرە وەردەگرێـت و بـۆ یـەك وەڵامی هەڵـەش (سـفر) وەردەگرێـت، پاشـان کرداری هەڵەچنی پرسیارەکان بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

تاقیکردنەوەکـە لـە یـەك کاتـدا بەسـەر هـەردوو گـروپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراودا جێبـەجێکرا و پاشـان ناوەنـدەژمێری بـۆ دەرهێـنرا و بـۆ زانینـی جیـاوازی مانـاداری ئامـاری نێـوان هـەردوو ناوەنـدە ژمێرییەکـە، تـوێژەر تاقیکردنـەوەی تـایی (T.test) ی بۆ دوو بـژاردەی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان بـەکارهێنا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـە نێـوان هـەردوو ناوەندەژمێریەکـەدا ، گـروپی ئـەزموونی (92.704) و گـروپی کـۆنترۆڵکراو (92.148) دا نییـە، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (0.287) بچوکترە لە بەهای خشتەیی (2.007)، کەواتە خوێندکارانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لە زیرەکی دا. بڕوانە خشتەی (7).

**خشتەی ( 7 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری خوێندکارانی هەردوو گروپ لە زیرەکیدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 92.704 | 7.189 | 0.287 | 2.007 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 92.148 | 7.059 | | | |

## 3-4-6- نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی – ساڵی پێشوو (حەوتەمی بنەڕەتی)

تـوێژەر نمـرەی خوێنـدکارانی هـەردوو گـروپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراوی سـاڵی خوێنـدنی (2023 - 2024) لـە کـارگێڕی قوتابخانـە وەرگـرت، پاشـان ناوەنـدەژمێری هـەردوو گـروپی دەرهێنـا، کـە گـروپی ئـەزموونی (61.741) و گـروپی کـۆنترۆڵکراو (63.926) بـوو، بـۆ مەبەسـتی زانینـی جیـاوازی نێـوان ناوەنـدەژمێری هـەردوو گروپەکـە، تـوێژەر تاقیکردنـەوەی (T.test) ی بـۆ دوو گـروپی سـەربەخۆ بـەکارهێنا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نییـە لـەنێوان هـەردوو گروپەکـەدا، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (0.591) بچـوکترە لـە بـەهای خشـتەیی (2.007)، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە خوێنـدکارانی هـەردوو گـروپی توێژینەوە هاوسەنگن لە نمرەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو، بڕوانە خشتەی (8).

**خشتەی ( 8 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری نمرەی خوێندکارانی هەردوو گروپ لە بابەتی کۆمەڵایەتی – ساڵی پێشوو 2023-2024**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 61.741 | 12.265 | 0.591 | 2.007 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 63.926 | 14.806 | | | |

### 3-4-7- زانیاری پێشینە دەربارەی بابەتی ئەزموون

تـوێژەر تاقیکردنەوەیـەك بەسـەر خوێنـدکارانی هـەردوو گـرووپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراودا لـە بابـەتی مـێژوو جێبـەجێکرد، تاقیکردنەوەکـە لـە (3) جـۆری پرسـیاری (ڕاسـت و هەڵـە، بۆشـایی، هـەڵبژاردن) پێکهـاتبوو، بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە (4)، لـە پـاش ئەنجامـدانی تاقیکردنەوەکـە و ڕاسـتکردنەوەی وەڵامـەکان بـە پـێی کـلیلی ڕاسـتکردنەوە، وەك لـە پاشـکۆی ژمـارە (5) دیـارە، تـوێژەر ناوەنـدەژمێری خوێنـدکارانی هـەردوو گرووپەکـەی دەرهێنـا کـە گـرووپی ئـەزموونی (12.778) و گـرووپی کـۆنترۆڵکراو (13.185)، لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی تاقیکردنـەوەی (T.test) بـۆ دوو بـژاردەی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان بـە مەبەسـتی زانیـنی جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـە نێـوان هـەردوو گـرووپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراودا، لـە ئەنجامـدا ڕوون بوویـەوە کـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نییـە لـە نێـوان ناوەنـدەژمێری هـەردوو گرووپەکـەدا، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (0.287) بچـوکترە لـە بـەهای خشـتەیی (2.007)، کەواتە خوێندکارانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لە تاقیکردنەوەی پێشینەی زانیاری، بڕوانە خشتەی (9).

**خشتەی ( 9 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری زانیاری پێشینەی خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12.778 | 3.226 | 0.428 | 2.007 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 13.185 | 3.753 | | | |

### 3-4-8- پێوەری پێشان بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە

تـوێژەر پێـوەرێکی ئامـادەکراوی بۆبیرکردنـەوەی داهینەرانـە بـەکارهێنا، بـە مەبەسـتی پێـوانی ئـەم گـۆڕاوە، تـوێژەر پێوەرەکـەی بەسـەر خوێنـدکارانی هـەردوو گـرووپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراودا جێبـەجێکرد لـە ڕێکـەوتی 23/ 10/ 2024 ، پاشـان ناوەنـدەژمێری بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا.

تـوێژەر تاقیکردنـەوەی (T.test) بـۆ دوو بـژاردەی سـەربەخۆ بـەکارهێنا بـۆ زانیـنی جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـە نێـوان هـەردوو گـرووپی ئـەزموونی کـۆنترۆڵکراو، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت، کـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نییـە لـە نێـوان ناوەنـدەژمێری گـرووپی ئـەزموونی (84.037) و گـرووپی کـۆنترۆڵکراو (85.481)، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (0.244) بچـوکترە لـە بـەهای خشـتەیی (2.007)، کەواتە خوێندکارانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دا هاوسەنگن. بڕوانە خشتەی (10).

**خشتەی ( 10 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەتاقیکردنەوەی پێشی لای خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 84.037 | 21.868 | 0.244 | 2.007 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 85.148 | 21.694 | | | |

### 3-5- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

- سەرچاوە عەرەبی وبیانییەکان.
- فۆرمی ڕاپرسی.
- لاپەڕەی ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان.
- تەختەی نووسین.
- بەرنامەی Spss.
- نەخشەی نیمچەدوورگەی عەرەبی.

## 3-6- پێداویستییەکانی ئەزموونەکە

### 3-6-1- دیاریکردنی بابەتەکە

تـوێژەر لەسـەر بنـەمای بابەتـەکانی بـەشی (بەنـدی یەکـەم و دووەم)ی بـواری مـێژووی نێـو پـەرتووکی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان کارەکـەی دارشـتووە و پـۆلی هەشـتەمی بنـەڕەتی لـە خـۆ دەگرێـت و بەسـەر (2) دووگـرووپی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراو پـۆلین کـراوە. بۆساڵی خوێندنی (2024 -2025 )

### 3-6-2- دیاریکردنی بەشەوانەکان

تـوێژەر بـەپێی خشـتەی وانـەکانی قوتابخانـە و ڕێککـەوتن لەگـەڵ کـارگێڕی قوتابخانەکـە وانـەی بـە هـەردوو گروپەکـە دەوتـەوە، بۆ هەر هەفتەیەك (3) سێ بەشەوانە بە هەر یەك لە گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو وتراوەتەوە. بڕوانە خشتەی (11).

**خشتەی ( 11 ) خشتەی وانەی هەفتانەی هەردوو گروپ**

| کات ژمێر / ڕۆژ | 12:30 | 1:20 |
|---|---|---|
| یەکشەمە | گروپی ئەزموونی | گروپی کۆنترۆڵکراو |
| دووشەمە | گروپی کۆنترۆڵکراو | گروپی ئەزموونی |
| سێ شەمە | گروپی ئەزموونی | گروپی کۆنترۆڵکراو |

### 3-6-3- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە

یـەکێك لـە پێداویسـتییەکانی جێبـەجێکردنی ئـەزموون دانـانی پـلانی وانەوتنەوەیـە، لـەم ڕوانگەیـەوەتوێژەر (42) چـل ودوو پـلانی ڕۆژانـەی بـۆ وانـەکان دانـا، (21) بیسـتویەك پـلانی بـۆ گـروپی ئـەزموونی بـوو، کـە بابەتـەکانیان بـە پـێی سـتراتیجی خـانووی بازنـەی وەردەگـرت و (21) بیسـت و یـەك پـلانی بـۆ گـروپی کـۆنترۆڵکراو دانـا ، کـە بابەتـەکانیان بـە پـێی ڕێگـای ئاسـایی مامۆسـتا وەردەگـرت، پاشـان نموونەیـەك لـەو پلانانـە خرایـە بەردەسـتی کۆمـەڵێك پسـپۆڕ و شـارەزای بـواری پـەروەردە و ڕێگاکـانی وانەوتنـەوە و مـێژووی ئیسـلامی، بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ( 6،7 ) پـاش گەڕاندنـەوەی نمونـەی پلانەکـە تـوێژەر سـودی لـە سـەرنج و تێبینییـەکان وەرگرت.

### 3-6-4- کەرەستەکانی فێرکردن

تـوێژەر بـۆ هـەردوو گـروپی ئـەزموونی و کـۆنترۆلکراو کۆمـەڵێك کەرەسـتەی بـۆ ڕونکردنـەوەی بابەتـەکان بـەکارهێنا، وەك (پرۆگـرامی خوێنـدنی بابـەتی مـێژوو بـۆ پـۆلی هەشـتەمی بنـەڕەتی ، وایـت بـۆرد، پێنـووسی ڕەنگاوڕەنـگ، نەخشـەی نیمچـە دورگـەی عەرەبی).

### 3-6-5- پرۆسەی وانەوتنەوە

دوای ئـەوەی تـوێژەر پێداویسـتییەکانی ئەنجامـدانی ئەزموونەکـەی ئامـادەکرد لـە 2024/10/27 دەسـتی بـە جێبـەجێکردنی پلانەکـەی کـرد، بـە پـێی پـلانی ئامادەکراو لـە ڕێگـای سـتراتیجی خـانووی بازنـەی وانـەی بـە گـروپی ئـەزموونی دەوتـەوە و بـۆ گـروپی کـۆنترۆڵکراویش بـە ڕێگـای ئاسـایی وانـەی دەوتـەوە، تـوێژەر خـۆی ڕاسـتەوخۆ وانـەی بـە هـەردوو گروپەکـە دەوتـەوە و بـۆ هەریەکەیان (3) سێ بەشەوانە بوو لە هەفتەیەکدا، ئەزموونەکە لە 2024/12/17 کۆتایی هات.

### 3-6-6- ماوەی ئەزموونەکە

مـاوەی ئەزموونەکـە لـە ڕۆژی (17 / 10 / 2024) دەسـتی پێکـرد و لـە ڕۆژی (17 / 12 / 2024) کۆتـایی پێهێـنرا و ، ئـەو ماوەیـەش دەکاتـە (7) هەفتـە کـە کـاتێکی گونجـاوە بـۆ پرۆسـەکە، ماوەکـە بـۆ هـەردوو گروپەکـە یەکسـان بـوو، هەربۆیـە ئـەم گۆڕاوەش کۆنترۆڵکرا.

## 3-7- ئامرازەکانی توێژینەوەکە

### 3-7-1- تاقیکردنەوەی دەستکەوت

تـوێژەر تاقیکردنـەوەی دەسـتکەوتی خوێنـدن و ئامانجـە ڕەفتارییـەکانی بـەکارهێناوە کـە لـە لایـەن (شـیرزاد عـلی احمـد) سـاڵی 2016 ئامادە کـراوە و بـەکارهێنراوە بـۆ توێژینەوەیـەك لـە سـەر خوێنـدکارانی پـۆلی هەشـتەمی بنـەڕەتی لـە هـەمان پـۆل وبابـەت ، ، ئامانجـە ڕەفتارییـەکان ژمارەیـان (71) ئامانجـە و بـە پـێی (3) ئاسـت لـە پۆلێنەکـەی بلـوم (ناسـینەوە، تێگەیشـتن، جێبـەجێکردن)، کـە (47) ئامانجیـان لـە ئاسـتی ناسـینەوە و (18) ئامانجیـان لـە ئاسـتی تێگەیشـتن و (6) ئامانجیـان لـە ئاسـتی جێبەجێکردنـە، تاقیکردنـەوەی دەسـتکەوتیش لـە (1) جـۆری پرسـیار پێکهـاتووە، ئـەویش پرسـیاری هـەڵبژاردن لـە چەنـد بژاردەیـەك و بڕگـەکانی

تاقیكردنەوەكـە بریتییـە لـە (40) چـل برگـە، بـۆ هـەر برگەیـەكیش (4) چـوار جێگـرەوە (بـەدائل) دانـراوە، بروانـە پاشـكۆی ژمـارە (8)، توێژەر لەبەر چەند هۆكارێك پشتی بەم تاقیكردنەوەیە بەست:

1- تاقیكردنەوەكە لە سەر هەمان بڕیارلێدراوی قوتابخانەی ئامادەكراوە كە توێژەریش بەكاری دەهێنێت.

2- ماوەی زۆر لە نێوان هەردوو توێژینەوەكە نییە.

3- تاقیكردنەوەكـــە بـــۆ خوێنـــدكارانی پـــۆلی هەشـــتەمی بنـــەڕەتی ســـەربە وەزارەتی پـــەروەردەی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردســـتان ئامـــادەكراوە، توێژینـــەوە بەردەســـتیش بـــە هـــەمان شـــێوە بـــوو خوێنـــدكارانی ســـەربە وەزارەتی پـــەروەردەی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردستانە..

4- تاقیكردنەوەكە وا ئامادەكراوە خوێندكاران لەماوەی (40) خولەك دا وەڵام بدەنەوە.

- **دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆ تاقیكردنەوەی دەستكەوت**

توێژەر ڕێنمایی بۆ خوێندكاران خستەڕوو بە مەبەستی وەڵامدانەوەی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی هەردوو گروپی توێژینەوە.

- **ئامادەكردنی خشتەی تایبەتمەندیەكان**

ئامـادەكردنی خشـتەی تایبەتمەنـدی بۆتاقیكردنـەوەی دەسـتكەوت ڕێكـارێكی گرنگـە لـە ئامـادەكردنی پرسـیارەكانی تاقیكردنـەوە چونكـە گـرنگی نـاوەڕۆك و گـرنگی ئامانجـە ڕەفتارییـەكان ڕەچـاو دەكـات ، كـە ئەمـەش دەسـتەواژەكانی تاقیكردنـەوە بـەپێی گـرنگی ئـەم دوو لایەنە دابەش بكرێن (الكبيسي، 2007: 141 )

توێژەرخشتەی تایبەتمەندی (نەخشەی تاقیكردنەوەی ) خشتەی (12 ) ی بەم ڕێگایانەی لای خوارەوە ڕێكخست :

1- دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك لەڕێگەی ئەم هاوكێشەی خوارەوە

$$\text{ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك} = \frac{\text{ژمارەی لاپەڕەی بابەت}}{\text{كۆی ژمارەكان لاپەڕەكان}} \times 100$$

(احمد، 2023: 69 )

1 – دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەكان ، لەڕێگەی ئەم هاوكێشەی لای خوارەوە ،

$$\text{ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەكان لەهەر ئاستێكدا} = \frac{\text{ژ.ی.ڕەفتارییەكان لەهەرئاستێكدا}}{\text{ژ.گشتی ئامانجەڕەفتارییەكان}} \times 100$$

(الحاسنة والهمدات, 2009, ل115 )

**خشتەی ( 12 ) خشتەی تایبەتمەندیەكان**

| بابەت | ژ.لاپەڕە | گـرنگی ناوەڕۆك | ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتاری | | | كۆی ئامانجەكان | كۆی پرسیارەكان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەشتن | پراكتیك | | |
| بەندی یەكەم | 27 | ٪54 | 24 | 10 | 3 | 37 | 21 |
| بەندی دووەم | 23 | ٪46 | 23 | 8 | 3 | 34 | 19 |
| كۆ | 50 | %100 | 47 | 18 | 6 | 71 | 40 |

- **ڕاستێتی تاقیكردنەوەكە**

- **ڕاستێتی ڕووكەشی**

دەتوانرێـت هەڵسـەنگاندنی نمـرەی ڕاسـتێتی ڕووكـەشی بـۆ تاقیكردنەوەكـە بكرێـت لـەماوەی گونجانـدن لـەنێوان بۆچـوونی هەڵســەنگێنەران (عــودە،1999، ل370)، بەمەبەســتی دەرهێنــانی ڕاســتێتی تاقیكردنەوەكــە تــوێژەر تاقیكردنەوەكــەی خســتە بەردەســتی كۆمــەڵێك پســپۆرو شــارەزای بــواری مــێژووی ئیســلامی و ڕێگاكــانی وانەوتنــەوە و پێوانــە و هەڵســەنگاندن، بەمەبەســتی زانیــنی ســەرنج و بۆچــون و ڕێنماییــەكانیان لــە پێنــاو گونجــاوی برگــەكانی تاقیكردنەوەكــە بــۆ پــۆلی هەشــتەمی بنــەڕەتی، پــاش گەڕاندنــەوەی تاقیكردنەوەكــە و بــەكارهێنانی هاوكێشــەی (جی كۆپــەر – J.Cooper)، دوای ئــەوەی ڕێــژەی گونجــاوی هــەر برگەیـەكی تاقیكردنەوەكـە دەرهێـنرا، دەركـەوت هـەموو برگـەكان ئـەو ڕێژەیـە و زیاتریـان بەدەسـتهێنا و پەسـەندكران، بـەم شـێوەیە ڕاستێتی پێوەرەكە دەرهێنرا، كە (0.89) بوو. بۆزانینی ناوی پسپۆران بڕوانە پاشكۆی ژمارە (13)

- **ڕاستێتی ناوەڕۆك**

ڕاسـتێتی نـاوەڕۆك بایـەخ دەدات بـە بـوونی ئـەو پەیوەندییـەی كـە لەبرگـەكانی تاقیكردنـەوە تـاوەكو چەنـد دەروانێتـە نـاوەڕۆكی بابـەتی خوێندنەكـە ، پێویسـتە لەسـەر بنـەمای تاقیكردنـەوەی ئـەو بابەتـە شـیبكرێتەوە كـە مەبەسـتە پیوانـە بكـرێن هـەروەها

پێویستە ئەو بابەتانە لەخۆبگرێت کە جەختیان لەسەر کیراوەتەوە یان لەتاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێت (احمد ، 2023 ، 71 ) بۆ بەدەستهێنانی راستیی ناوەڕۆك توێژەر خشتەیی تایبەتمەندی ئامادەکرد و وە لەوریگەیەوە ئەوەمان بۆدەرکەوت کە تاقیکردنەوەکە پەیوەست بونێکی بەهێزی بابەتەکە دەکات ، بۆیە توێژەر لەم راستێتیەی ناوەرۆکەکە دلنیابویەوە . بروانە خشتەی (12)

### 3-7-1-1- هاوکۆلکەی ئاستی گرانی (معامل الصعوبة)

بۆ دەرهێنانی ئاستی گرانی هەر برگەیەکی تاقیکردنەوەکە، توێژەر هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێنا و لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی برگەکانی تاقیکردنەوەکە دەکەوێتە نێوان (0.27 – 0.40) بەتێکرا دەکاتە (0.33)، کە ئەمەش بەپێی بیروڕای (نبهان، 2004 :179) بە گونجاو دادەنرێت ئەگەر ئاستی گرانی برگەی تاقیکردنەوەکە بکەوێتە نێوان (0.20 – 0.80)، پاشکۆی (10).

### 3-7-1-2- هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوە (معامل قوة التمييز)

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی برگە ئەوەیە کە برگەکانی تاقیکردنەوەکە بتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان خوێندکارانی کۆمەڵەی بەرز و خوێندکارانی کۆمەڵەی نزم، توێژەر لەرێگەی هاوکێشەیەکی تایبەتەوە هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی دەرهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت هێزی جیاکەرەوەی برگەکان دەکەوێتە نێوان (0.34 بۆ 0.50) کە ئەمەش بەرای (اللإمام واخرون، 1990 :119) بەگونجاو دادەنرێت بۆ بەکارهێنانی برگەکانی تاقیکردنەوە وەکو ئامرازێکی پشت پێبەستراو لە ئەزموونی توێژینەوەکە.

### 3-7-1-3- کارایی جێگرەوە هەڵەکان (فاعلية البدائل الخاطئة)

بۆ زانینی کارایی جێگرەوە هەڵەکان توێژەر ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی بەرز کە وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردوە ژمارد لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی لە کۆمەڵەی نزم وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت ژمارەی ئەو خوێندکارانەی وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردوە لەکۆمەڵەی نزم زۆرترن بەراورد بە کۆمەڵەی بەرز، ئەنجام بە (نێگەتیڤ) سالب دەرچووە کە ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان کاران.

### 3-7-1-4- جێگیری تاقیکردنەوەکە

بۆ زانینی جێگیری وردی تاقیکردنەوەکە، ئەگەر پێوەرەکە بەسەرکۆمەڵێك کەسدا دابەشکرا و وەڵامیان دایەوە، پاش ماوەیەکی تر هەمان پێوەر بخرێتە بەردەستی هەمان کۆمەڵە کەس و لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا ئەو کۆمەڵە کەسە هەمان وەڵامیان دایەوە، ئەوا پێوەرەکە بە جێگیر دادەنرێت (عبدالرحمن،2008، ل177).

بۆ بەدەستهێنانی جێگیری ئەم پێوەرە توێژەر پەنای بۆ (تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە) برد، ئەم رێگەیەش بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەی پەیوەست بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا سەبارەت بەکاتی جێبەجێکردنەکان، بۆ زانینی وەڵامی کەسەکان لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا و لە دوو کاتی جیاوازی هەمان هەلومەرجدا، توێژەر تاقیکردنەوەی لە سەر (44) خوێندکاردا لە خوێندکاری قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی ئەنجامدا، جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم لە 2024/9/29 دووەمجار لە 2024/10/13 ماوەی (14) رۆژ بوو کە کاتێکی گونجاوە، بروانە خشتەی (13).

**خشتەی ( 13 ) ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و هاوکۆلکەی زانستی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| جێبەجێکردن | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پیرسون |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم جار | 44 | 21.250 | 3.271 | 0.87 |
| دووەم جار | 44 | 21.568 | 3.308 | |

### 3-7-2- پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە

پێوەری بیری داهێنەرانە لە توێژینەوەی (فلاح حسن كاظم الفتلاوي) کە بە زمانی عەرەبی نوسرابوو وەرگیراوە کە لە ساڵی 2012 لەسەر خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە شاری بەغداد/ عێراق ئەنجامی داوە، بۆ مەبەستی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی نمونەی هێلداتابا لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، پێوەرەکە لە (45) برگە پێکهاتووە، هەر برگەیەکیش (5) پێنج جێگرەوە (بەدائل)ی بۆ وەڵام دانەوە هەیە، کە ئەوانیش: (زۆرلەگەڵیم، لەگەڵیم، تارادەیەك لەگەڵیم، لەگەڵ نیم، هیچ لەگەڵی نیم) بە نمرەکانی (5، 4، 3، 2، 1) دارێژراوە، بروانە پاشکۆی ژمارە (12)، واتە نمرەی خوێندکاران لە نێوان (45 - 225) نمرە دەبێت، پاش شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی (Spss)،

### 3-7-2-1- دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە

توێژەر ڕێنمایی وەڵامدانەوەی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە ئامادەکرد.

### 3-7-2-2- ڕاستێتی پێوەر

**یەکەم: ڕاستێتی وەرگێڕانی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

ئەم پێوەرە بەزمانی عەرەبی دانراوە و لەلایەن وەرگێڕێکەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی، پاشان وەرگێڕادراوی پێوەرەکە درایە شارەزایەکی زمانی عەرەبی و کوردی بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، پاشان کۆپی پێوەرەکە بەزمانی عەرەبی (یەکەم جار و دووەم جار) درایە شارەزایەکی زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی بەراوردی هەردوو وەرگێڕانەکە بکات بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی وەرگێڕانەکە، لە ئەنجامدا ڕاستگۆیی وەرگێڕانەکە ڕێژەکەی گەیشتە (92%)،

**دووەم: ڕاستێتی ڕووکەشی**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و زانستە دەروونی و پەروەردەییەکان و پێوانە و هەڵسەنگاندن، بەمەبەستی زانینی سەرنج و بۆچون و ڕێنماییەکانیان بەمەبەستی گونجاوی برگەکانی پێوەرەکە بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، پاش گەڕاندنەوەی پێوەرەکە و بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر – J.Cooper)، دوای ئەوەی ڕێژەی گونجاوی برگەیەکی پێوەرەکە دەرهێنرا، دەرکەوت هەموو برگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسەندکران، بەم شێوەیە ڕاستگۆیی پێوەرەکە دەرهێنرا، کە ڕێژەکەی (0.90) بوو.

### 3-7-2-3- جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە

جێگیری پێوەر بە واتایە کە پێوەرەکە هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، ئەگەر لەسەر هەمان نموونە و لەهەمان ژینگەدا دووبارە کرایەوە (حسانين،2004 :146).

بۆ بەدەستهێنانی جێگیری ئەم پێوەرە توێژەر پەنای بۆ (تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە) برد، ئەم ڕێگەیەش بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەی پەیوەست بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا سەبارەت بەکاتی جێبەجێکردنەکان، بۆ زانینی وەڵامی کەسەکان لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا لە دوو کاتی جیاوازی هەمان هەلومەرجدا، توێژەر تاقیکردنەوەی لە سەر (33) خوێندکار لە خوێندکارانی قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی ئەنجامدا، جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم ماوەی (14) ڕۆژ بوو کە کاتێکی گونجاوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (14).

**خشتەی ( 14 ) ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و هاوکۆلکەی زانستی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

| جێبەجێکردن | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پیرسون |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| یەکەم جار | 33 | 96.787 | 12.663 | 0.93 |
| دووەم جار | 33 | 99.151 | 10.700 | |

**- جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەو ڕاستکردنەوەیان**

**- جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە**

**- تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

توێژەر بە یارمەتی مامۆستای بابەت لەقوتابخانەکە لەیەك کاتدا لە ڕێکەوتی (18/ 12/ 2024 تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپدا جێبەجێکرد.

**– پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

توێژەر بە یارمەتی مامۆستای بابەت لەیەك کاتدا لە ڕێکەوتی 19 / 12 / 2024 پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپدا جێبەجێکرد بە مەبەستی زانینی گەشەی بەدەستهێنراو، هەروەك پێشتر بەسەر هەردوو گروپی توێژینەوەدا جێبەجێکرابوو لە ڕێکەوتی 22 / 10 / 2024، لە پێناو هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەدا.

**– ڕاستکردنەوەی ئامرازەکانی توێژینەوە**

**- تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

توێژەر وەڵامی خوێندکارانی بە پێی (کلیلی ڕاستکردنەوە) ڕاستکردەوە، لە بارەی برگەی پرسیارەکانیشەوە، بەم شێوەیە بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) یەك نمرە و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە یاخود بەجێهێڵراو یان زیاتر لەوەڵامێکی هەڵبژاردبێت (سفر) دانرا، پرسیارەکانیش لە جۆری هەڵبژاردن لەچەند دانەیەکە و ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە (40) چل برگەیە، کە (23) برگەی لەسەر ئاستی (ناسینەوە) و (12) برگەی لەسەر ئاستی (تێگەیشتن) و (5) برگەی لەسەر ئاستی (جێبەجێکردن)ە، واتە نمرەی خوێندکاران لەنێوان (0 – 40) نمرە دەبێت و بۆ هەردوو گروپەکەش وەك یەکە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (9).

**- پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

تـوێژەر پێشـتر بەمەبەسـتی زانینی ڕادەی هاوسـەنگی گروپـەکان ئـەم پێـوەرەی ڕاسـتکردەوە بـۆ جێگرەوەکـانی (زۆرلەگـەڵیم ، لەگـەڵیم ، تارادەیـەك لەگـەڵیم ، لەگـەڵی نـیم ، هـیچ لەگـەڵی نـیم )، بـە نمـرەی ( 1،2،3،4،5) بـۆ هـەر بڕگەیـەك لـە بڕگـەکانی دانـرا، نمـرەی خوێنـدکارانیش لـە نێـوان (45 – 225) نمـرە دەبێـت، چونکـە ژمـارەی بڕگـەکانی (45) چـل و پێـنج بڕگەیـە، بـۆ بینینـی نمـرەی خوێندکاران لە پراکتیزەی پاشیدا.

# بەشی چوارەم خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

## 4-1- خستنەڕووی ئەنجامەکان

پاش تـەواوبوونی ئـەزموونی توێژینەوەکـە ، تـوێژەر بـە پێی گریمانـەکان و لـە ڕێگـەی بـەراوردکردنی ئـەو داتایانـەی بەدەسـتی هێنـابوو ئەنجامەکانی خستەڕوو بەم شێوەیە:

### 4-1-1- گریمانەی یەکەم

جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نییـە لەئاسـتی (0.05) لـە دەسـکەوتی خوێنـدکاران لەبابـەتی مـێژوودا لـەنێوان ناوەنـدەنمرەی گـروپی ئـەزموونی، کـە بابـەت بـەپێی سـتراتیجی خـانووی بازنـەی وەردەگـرن لەگـەڵ ناوەنـدەنمرەی خوێنـدکارانی گـروپی کـۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وەردەگرن .

بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتی ئـەم گریمانـە، تـوێژەر ناوەنـدەژمێری و لادانی پێـوەری بـۆ نمـرەی تاقیکردنـەوەی دەسـتکەوتی خوێنـدکارانی هـەردوو گـروپی توێژینـەوە لـە بابـەتی مـێژوو، لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی تاقیکردنـەوەی تـایی (T.test) وە بـۆ دوو گـروپی سـەربەخۆی ژمـارە یەکسـان دەرهێنـا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـەنێوان ناوەنـدە نمـرەی خوێنـدکارانی گـروپی ئـەزموونی و ناوەنـدە نمـرەی خوێنـدکارانی گـروپی کـۆنترۆڵکراودا هەیـە، چونکـە بـەهای دەرهێـنراو (8.597) گـەورەترە لـە بـەهای خشـتەیی (2.007)، لـە ئاسـتی (0.05) ئەمـەش واتـای ئەوەیـە بەڵگـەدارە لـە بەرژەوەنـدی گـروپی ئـەزموونی، واتـە سـتراتیجی خـانوی بازنـەی بـە بـەراورد بـە ڕێگـەی ئاسـایی، کاریگـەری لەسـەر بەرزکردنـەوەی ئاسـت و دەسـتکەوتی خوێنـدکاران لـە بابـەتی مـێژوو دا هەیە، بڕوانە خشتەی (15).

**خشتەی (15) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | پێشبینیکراو | |
| ئەزموونی | 32.148 | 4.356 | 8.597 | 2.007 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 22.852 | 3.549 | | | |

کەواتـە بـە پـێی ئـەم ئەنجامـە گریمانـەی (سـفری) کـە تـوێژەر دانـابوو ڕەت دەکرێتـەوە و گریمانـەی جێگـرەوە (بـدیل) پەسـەند دەکرێت.

### 4-1-2- گریمانەی دووەم

جیاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نییـە لەئاسـتی (0.05) لـەنێوان ناوەنـدە نمـرەی گـروپی ئـەزموونی کـە بـەپێی (خـانوی بازنـەیی) وانەیـان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیکردنەوەی پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندەژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی لە تاقیکردنـەوەی پاشی بۆ هـەردوو گروپ دەرهێنا ، کە گروپی ئەزموونی (182.333) و کۆنترۆڵکراو (143.556) بووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو گروپی سەربەخۆ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و ناوەندەنمرەی خوێنـدکارانی گـروپی کـۆنترۆڵکراو لـە تاقیکردنـەوەی پاشی پێـوەری گەشـەپێدانی بیرکردنـەوەی داهێنەرانـە، لەبـەر ئـەوەی بـەهای دەرهێـنراو (7.166) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.007) لە ئاستی (0.05) ئەمەش واتای ئەوەیە بەڵگەدارە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، واتە ستراتیجی خـانووی بازنەیی بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی، کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە خوێندکاران لە بابەتی مێژوو، بڕوانە خشتەی (16).

**خشتەی ( 16 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی پاشیدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | پێشبینیکراو | |
| ئەزموونی | 182.333 | 18.253 | 7.166 | 2.007 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 143.556 | 21.391 | | | |

کەواتە بە پێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایناوبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەند دەکرێت.

## 4-1-3- گریمانەی سێیەم

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بەپێی (خانوی بازنەیی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی لە تاقیکردنەوەی پێشی. بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کە گروپی ئەزموونی (84.037) و کۆنترۆڵکراو (85.148)، پاشان ناوەندە ژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا ، کە گروپی ئەزموونی (182.333) و کۆنترۆڵکراو (143.556)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو گروپی هاوپەیوەست، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە، چونکە بەهای هەژمارکراو (21.721) و (11.824) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.056) لە ئاستی (0.05) ئەمەش واتای ئەوەیە بەڵگەدارە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشی. و پاشی، واتە ستراتیجی خانووی بازنەیی کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکاران لە بابەتی مێژوو بە راورد بە ڕێگەی ئاسایی، بڕوانە خشتەی (19) .

**خشتەی ( 17 ) نرخی تایی هەژمارکراو (n2) و (d) قەبارەی کاریگەری گروپی ئەزمونی**

| بەها (ts) | بەها (n2) | بەها (d) | قەبارەی کاریگەریی |
|---|---|---|---|
| 21,721 | 4,880 | 0,861 | گەورە |

**خشتەی ( 18 ) نرخی تایی هەژمارکراو (n2) و (d) قەبارەی کاریگەری گروپی کۆنترۆڵکراو**

| بەها (ts) | بەها (n2) | بەها (d) | قەبارەی کاریگەریی |
|---|---|---|---|
| 11,824 | 2,722 | 0,658 | گەورە |

**خشتەی ( 19 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێوەری بیرکردنەوەی داهینەرانەی خوێندکاران هەردوو گروپ**

| گروپ | پێشی | پاشی | جیاوازی | لادانی پێوانەیی | نرخی تایی | | بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | ناوەندە ژمێری | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 84.037 | 182.333 | 98.296 | 20.060 | 21.721 | 2.056 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 85.148 | 143.556 | 58.408 | 21.542 | 11.824 | | |

کەواتە بە پێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایناوبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوەی (بدیل) پەسەند دەکرێت.

## 4-2- گفتوگۆی ئەنجامەکان

بـە پـێی ئـەو ئەنجامانـەی لـە خشـتەکانی (15 ، 16 ، 17) خراوەتـە ڕوو، دەردەکـەوێت گریمانـەی (سـفری ) ڕەتدەکرێتـەوە و گریمانـەی جێگـرەوە (بـەدیل ) پەسـەند دەکرێـت " ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێ کەلـەڕووی ئامارییـەوە جیاوازییـەکی بـەرچاو لـە دەسـتکەوتی خوێنـدن و بیرکردنـەوە داهێنەرانـە هەیـە لـە بابەتـە کۆمەڵایەتیـەکان – مـێژوو لـەنێوان هـەردوو گـرووپی توێژینەوەکـە لـە بەرژەوەنـدی گـرووپی ئـەزموونی " تـوێژەر شـیکردنەوە لێکدانـەوەی کـرد بـۆ هـەردوو گـۆڕاوی (دەسـتکەوتی خوێنـدن و بیرکردنـەوەی داهێنەرانە لە بابەتەکۆمەڵایەتیەکان بەم شێوەی لای خوارەوە :

**– شیکردنەوەی ئەنجامەکانی دەستکەوتی خویندن**

دیـارە سروشـتی سـتراتیجی خـانووی بازنـەی ڕۆڵـێکی جیـاوازو بـەرچاوی هەیـە لەئاراسـتەکردنی خوینـدکار لـە پرۆسـەی خویندنـدا " ئەمـەش وا لەخوێنـدکار دەکـات ببیتـە چـەق سـەرەکی لـەکاتی وانەوتنـەوەدا چونکـە بەشـێوەیەکی کارا بەشـدار دەبێـت لـە شـیکردنەوە و ڕاڤـەکردنی بابـەتی وانەکـە ، بۆیـە ئەمـە وایکـردووە خوێنـدکارەکان ئارەزوویـان بـۆ بابەتەکـە زیـاترە چونکـە گروپـەکان لـەنێوان خۆیانـدا پرسـیار ئاراسـتەی یەکـدی دەکـەن و بـەدوای زانیارییەکانـدا دەگـەڕێن بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی دروسـت بگـەن بـە زانیـاری دروسـت ، ئـەم پرسـیارو تاوتوێکردنـە وا لەخوێنـدکارەکان دەکـات زیـاتر ئارەزویـان بـۆ بابەتەکـە هـەبێت ڕۆژانـە خۆیـانی بـۆ ئامـادە بکـەن ، وادەکـات تێگەشـتنیان بۆبابەتەکـە زیـاتر بێـت وەدەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی مـەعریفییان مانـەوەی زانیارییـەکانیان بۆماوەیەکـە درێژتـر لـە هزریانـدا لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی زیـاتر باوەڕیـان بـەخۆیان هـەبێت وە دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی گیـانی هاوکـاری لـەنێوان خۆیانـدا وە هەمیشـە سـەرقاڵی ئەنجامـدانی چالاکین لـەکاتی وانەکـەدا ، لەبـەر ئـەم بابەتانـەی سـەرەوە کەباسـمانکرد ، دەگەینـە ئـەوەی بڵـین ، سـتراتیجی خـانووی بازنـەیی کاریگـەری زیـاتری هەیـە لـەچاو شـێوازو ڕێگا تەقلیدییـە کۆنـەکانی وانـە ووتنـەوە ، بـەبۆچوونی تـوێژەریش ئـەوەی وادەکـات کـە سـتراتیجی خـانووی بازنـەی کاریگـەرترو گـرنگتر بێـت بـەهۆی ئـەو شـێوازە تازانـە کـە لەسـتراتیجیەکە دەگرێتەبـەر بۆئـەوەی وانەکـە بەشـێوەیەکی چێژبـەخش پێشـکەش بکرێـت ئەمـەش حـەزو ئارەزووی خوێندکار بەلای خۆیدا رادەکێشێت لەکاتی باسکردن و شیکردنەوەی بابەتی وانەکە.

ئـەم سـتراتیجییە والـە مامۆسـتا دەکـات کـە بەشـێوەیەکی گـرتین خـۆی بـۆ بابەتەکـە ئامادەبکـات بەشـێوەیەکی پـڕ وزە بابەتەکـە بخاتـە ڕوو تـاوەکو بتـوانێ سـەرنجی خوێنـدکارەکان بـۆلای خـۆی و بابـەتی وانەکـەش ڕابکێشـێت ، بـەجۆرێك بابـەتی مـێژووی لـە گێرانـەوەی سەرگوزەشـتەییەوە بگۆڕێـت بۆبابـەتێکی زینـدوو پڕلـەزانیاری ولەگـەڵ ڕووداوەکـانی سـەردەم گونجانـدن بـۆ بکـات وە بـۆ ڕاسـتی ئـەم بۆچوونـە ، بڕوانـە ، ئـەو توێژینەوانـەی کـە پێشـتر ئەنجامـدراون ، لەسـەر سـتراتیجی خـانووی بازنـەیی جـەخت دەکەنـەوە ئـەم سـتراتیجیە وا لـە خوێنـدکار دەکـات ، کـە بـەبێ تـرس ودڵـەڕاوکێ بەشـێوەیەکی کـاراو چـالاك بەشـداری لەوانەکـەی بکـەن ، واش لەخوێنـدکار دەکـات لەوانەکـە بێزارنـەبن لـەو توێژنەوانـەش (عیـدان ،2021)، (الحراحشـە ،2021)، (البرکـاتی ،2018)، (خسـباك ،2015)، (المزروع، 2005) وەزۆرێکی دیکەش هاوراوتەبان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە .

**– شیکردنەوەی ئەنجامەکان لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

سـتراتیجی خـانووی بازنـەیی تێروانینـێکی ئـەرێنی دەسـتەبەر دەکـات لەگەشـەپیدانی بیرکردنـەوەی داهێنەرانـە ، لای خوێنـدکارانی گـرووپی ئەزموونگـەر بێـت و بـەراوردی بکـەین ، بـە گـرووپی کـۆنترۆڵکراو ئەمـەش لەسـەر بنـەمای بەشـداریکردنیان بەشـێوەیەکی کـاراو چالاکانـە لـە پرۆسـەی فێربـوون لەناوپۆلـدا وە پـەرە بـەتواناکنیان دەدات ، لـەڕووی بیرکردنـەوە گفتوگـۆکردن وە ڕەخسـاندنی بـوار بۆئـەوەی ڕۆڵی مامۆسـتا وەرگـرن ، لـە پرۆسـەی فێربـوون لـەکاتی باسـکردن وشـیکردنەوەی بابەتەکـە ئەمـەش وادەکـات کـە باوەڕیـان بـەخۆیان هـەبێت وە فـێری ئـەوەدەبن بەرپرسـیارێتی بگرنـە ئەسـتۆ وە فێربـوونی پرسـیاری جۆراوجـۆر لەسـەر بابەتەکـە ئەمـەش وادەکـات ، کـە لایـەنی بیرکردنـەوەی داهێنەرانـەیان گەشـەبکات وە لایەنـە شـارەوەکانی بابەتەکـە ڕوون بکەنـەوە ، وە بـەباشی لەبابەتەکـە تێبگـەن ، وە یارمـەتیان دەدات ، کـە کارلێـك و ئاوێتـەی لەگـەڵ هـەمم پێکهاتـەی ژینگـەیی پـەروەردەیی دروسـت بێـت ، وە بەشـێوەیەکی کـارا دەرفـەتیان بـۆ دەرەخسـێنیت ، لەسـەر گەشـەپێدانی بیرکردنـەوەیان وە توانـایی چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان وە ئەنجامـدانی کـاری هـەرەوەرزی وکەمکردنـەوەی ئاسـتی تـرس و دڵـەڕاوکی شـەرمکردن لەبەشـداریکردن ، سـەرئەنجام وا لەخوێنـدکاردەکات ئاراسـتەیان دەکـات بـۆ فێربـوون لەپۆلـدا وە دەبێتـە هـۆی زیـادبونی ئـارەزو پەرەپێـدانی بیرکردنـەوەیان لەسـەر بابەتـەکانی خوینـدن . وەئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوەیـەش هـاوڕاو تەبایـە لەگـەڵ ئـەم توێژینەوانـە (عبـدالرحمن، 2023)(عـتریس ،2024) (الحجـمی ،2023) (یاسـین ،1999 ) (زبـیری والحسـناوی ،2020) وەزۆرێـکی دیکـەش هـەن کـە هـاوڕاو تـەبان لەسـەر ئەوەی کە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تواناو زیرەکی خوێندکار .

## -3-4 دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان وپێشنیازەکان

### -1-3-4 دەرئەنجامەکان :

لە ڕێگەی ڕاڤەوشیکردنەوەی داتاکانەوە توێژەر توانی بگاتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی پاڵپشت ویارمەتی خوێندکاردەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە

2- بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆخوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەری باشتر و بەرچاوی هەیە لەسەر دەستکەوتی خوێندن بەراورد بە ڕێگەی کۆن ولاسایکەرەوە .

3- بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەری باشترو چالاکتری هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهینەرانەی خوێندکاران .

## 2-3-4- ڕاسپاردەکان

دوای ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژەر ئەمانەی لای خوارەوەڕاسپاردەدەکات:

1- پێویستەوگرنگە ئەو مامۆستایانەی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە ڕابهێنرێن لە سەر ستراتیجی خانووی بازنەی لە ڕێگەی کردنەوەی خولی شیاندنەوە ، بۆئەوەی ئاشنای بەکارهێنانی ستراتیجیەکانی وانەوتنەبن

2- پێویستە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی بەستراتیجیەتی خانووی بازنەی لە بابەتی مێژوو لە هەموو پۆلەکانی قۆناغی بنەڕەتی بدەن

3- داواکردن لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و زانستی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی هانی مامۆستایانی بابەت بدەن بۆ بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی.

4-پێویستە مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردە وپەروەردەی بنەرەت گرنگی بە دانانی ستراتیجی خانووی بازنەی و ئەو ستراتیجی و ڕێگایانەی کە خوێندکاران تەوەری سەرەکین لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ، بە تایبەت لە ناوکۆرس بوك یان پرۆگرامی خوێندنی ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی ڕێگای وانەوتنەوەی بەشەکانی نێو کۆلێژەکە دەڵێنەوە .

## 3-3-4- پێشنیازەکان

توێژەر پێشنیازی ئەوە دەکات لە دوارۆژدا توێژینەوە لەسەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بکرێت:

1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەی لەسەردەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی بنەڕەتی وگەشەپێدانی ئارەزویان لە بابەتی مێژوودا.

2- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کۆمەڵەی فیرکاری لە سەر دەستکەوتی خوێندن لای قۆناغی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەنان لە بابەتی مێژوودا.

3- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی سوم لەسەر دەستکەوت و گۆڕاوی تری وەکو ( گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی ، گەشەپێدانی ئاراستەکردنیان ...) لە هەر پۆلێکی قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتی کۆمەڵایەتیەکان

4- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوت وگۆڕاوەکانی وەکو (بەها ، ئاراستە ، بیرکردنەوەی پێشبینیکردن ، زیادکردنی مەعریفە ، گەشەی بیرکردنەوەی جیاواز ) لەلای خوێندکارانی قۆناغەکانی ئامادەیی لە بابەتی مێژوودا.

## لیستی سەرچاوەکان:


1- احمد، شێرزاد علی (2023)، کاریگەری ستراتیژی چالاکەرەوە درکییەکان ورێکخراوەپێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوورمەودا لەبابەتی مێژوو لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، (تێزی دکیۆرای بڵاونەکراوە) ، کۆلیجی پەروەردەی بنەرەت ، زانکۆی سلێمانی .

2- احمد، شێرزاد علی (**2016**)، کاریگەری ستراتیژی هەژاندنی هزری لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو ، (نامەی ماستەر بڵاونەکراوە)، کۆلیجی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر .

3- قادر , ڕەمەزان حەمەدەمین (2020) : تیوەرەکانی فێربوون جێبەجێکردنی پەروەردەیی ، چ1 ، چابخانەی سایە ، سلێمانی .

4- – الزغلول ، عیماد عبدالرحیم و. ئارام ئەمین شوانی : (2015) ، بنەماسەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، چ 1 ، چابخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر

5- مصطفی ، کنعان اسماعیل عبدالله : (2023) . کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وئاراستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەلایەتی ، (ماستەرنامەی بڵاونەکراوە ) کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت ، زانکۆی سلێمانی .

6- ابراهيم فاضل خليل (2006) : دورطراق التدريس في تنمية التفكير الابداعي لدى طلبة الجامعة , (رسالة ماجستير منشورة ) مجلة الابحاث كلية الاساسية, المجلد 4 , العدد 2 .

7- ابوسنينة ، عودة (2008) : اثراستخدام طريقة العصف الزهني في تنمية التحصيل والتفكير الناقد في مادة الجغرافيا لدى طلبة اليلة العلوم التربوية الاوندرا ,(رسالة ماجستير منشورة ) مجلة جامعة النجاح الابحاث , العلوم الانسانية العدد 22 .

8- الخزرجى ،حيدر خزعل (2003) :اثرالتحضير القبلى والبعدى فى التحصيل والاحتفاض فى مادة التاريخ الخضارهة العربية الاسلامية لدى طالبات معهد اعداد المعلمات ، جامعة بغداد ، كلية التربية – ابن رشد، (رسالة ماجستير غيرمنشورة )

9- الربيعى , شذ نقل (2003) : اثر اساليب علاجية في تحصيل طالبات الصف الرابع والاحتفاظ في مادة التاريخ ,جامعة بغداد, كلية التربية

10- السلمانى ،صالح محمد (2013) : فاعلية استراتيجية البيت الدائرى فى تحصيل طالبات الصف الخامس الادبى فى ماده التاريخ ، رسالة ماجيستير غيرمنشورة

11- السودانى ، وفاء محسن (2007) : اثر طريقة المناقشة الجماعية فى اكتساب المفاهيم التاريخية و استبقائها لدى طالبات الصف الثانى المتوسط ، جامعة بغداد ، كلية – ابن رشد ،(رسالة ماجستير منشورة )

12- الشويلي , فيصل عبدمنشر وحبيب امجدعبدالرزاق (2016): اساليب التدريس الابداعي و مهاراته ,ط1 دار الصفاء للنشر والتوزيع عمان , الاردن.

13- الكبيسي , عبدالواحد حميد (2007 ) القياس والتقويم – تجديدات ومناقشات ,دار جرير للنشروالتوزيع عمان – الاردن .

14- المسعودي محمد حميد , والهداوي سنايل ثعبان ,(2018) : استراتيجيات التدريس في البنائية والمعرفية وما وراء المعرفة , عمان , دارالرضوان للنشر والتوزيع .

15- المهدى ،عباس اخرون (2002 ) : اسس التربية ، دارالكتاب الطباعة والنشر- بغداد

16- امبو سعيدى ، اخروون (2006 ) :قياس فاعلية استخدام خريطة الشكل فى تدريس العلوم على تحصيل طلبة الصف التاسع من التعليم العام و اتجاهاتهم نحوها : مجلة كلية التربيّة ، جامعة الامارات العربية المتحد ، العدد 23

17- برهان ,بينى فريد عبدالواحد ,(2024) : برنامج مقترح يستخدم نموذج أزوبيل المنظمات المتقدمة لتصسين أداء بعضبنود مقررقواعدالموسيقي النظرية (2) الطلاب الدارسين بالكليات الموسيقية , مجله علوم وفنون الموسيقي –كلية التربية الموسيقية – مجلدالحادى والخمسون –يناير 2024 م

18- توفيق ،هند سيد (2019 ): فاعلية برنامج قائم على المدخل التفاوضى فى التنمية بعض مهارات التفكير الابداعى لدى طالبات الصف الثانوى العام ،رساله ماجيستير غير منشورة

19- خلف ،كريم بلاسم والشبانى هدى صالح مالك (2011 ) : فاعلية التدريس بالستراتيجية البيت الدائرى فى اكتساب المفاهيم الاحيائية لدى طالبات الصف الرابع العلمى . مجلة القادسية فى الادب والعلوم التربوية مجلد (10) العددان (3-4) سنة 2011 .

20- زيتون ،(2003 ) : التعليم والتدريس من منضورالمدرسة البنائية ،ط1 ،الكتب القاهرة

21- سبيتان , فتحى ذياب ,(2010 ) : أصول طرائق تدريس العلوم , عمان , دارالجنادرية .

22- سرحان ، فاطمة بنت محمد بن فراس (2015 ) :فاعليه الستراتيجية تدريسة قائمة مبادى نضرية تريز فى التنمية التفكير الابداعى والهندسى لدى طالبات المرحلة المتوسط ،رسالة ماجيستر غير منشورة

23- عبدالرحمن , محمد صديق (2023) : استراتيجية مقترحة بأستخدام مهارات سكامبرلتنمية التفكير الابداعي في الرياضيات الاعدادية ,(رسالة ماجستير غيرمنشورة) .

24- عبدالهادى ،جمال (2007 ) : قراءة التاريخ لما ، سلسة مقالات تربوية ، الرياض

25- مرعى ، توفيق احمد و محمد محمود الحلية (2000 ) : المناهج التربوية الحديثة ، دار الميسر للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ، الاردن

26- مسعودي ,هاجر (2020 ) : طرائق تنمية التفكير الابداعي لدى اطفال الروضة من وحهة نظرالمربيات , (رسالة ماجستير غيرمنشورة ) كلية العلوم الانسانية والاجتماعية , جامعة 8 ماي قالمة , جزائير

27- يوسف ,بن حميد (2019) : التفكير الابداعى وعلاقتة بالاداء المهاري والتحصيل الدراسي ,دراسة ميدانية لطلبة ليسانس تخصص كرة القدم للسنة الجامعية (2018 -2019)

حسانين , عواطف محمد محمد (2012) : سيكولوجية التعلم النظريات – عمليات – المعرفة – قدرات عقلية , ط1 , الناشر , المكتبة الاكاديمية , الكلية التربية في الجامعة – سوهاج .

داود ، عزيزحنا و عبدالرحمن انور حسين (1990 ) : مناهج البحث التربوى ، دار الحكمة الطباعة ونشر ، جامعة بغداد

28- – فان دالين ، ديوبولاب (2007 ) : منهج البحث في التربية وعلم النفس ، ترجمة ، نبيل نوفل واخروون ، مكتبة الانجلو المصرية – القاهرة مصر

29-الزوبعي ,بكر , الكناني , عبدالجليل ابراهيم و محمد الياس والبراهيم عبدالمحسن: (1981) , الاختبارات والمقاييس النفسية ,ط1 , وزارة التعليم العالي والبحث العلمي , دارالكتب جامعة , الموصل – عيراق .

30- Jardat , summya salem ali (2018 ) : the effectiveness of the roundhouse Diagram strategy on the Achievement in social and national education curaein the Divectorate of Education of lrbid . ministry of Education the educational district of lrbid Department of Educational suparvision

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-18

# The Effect of Using the Circular House strategy on Academic Achievement and the Development of innovative Thinking in social studies Among Eighth – Grade Students

## (Extracted from master's thesis)

**Fahmi Saeed Rashid[1], Munadhil Abas Qasim[2], Syamand Karim Mahmud[3]**

1- Department of Psychology, Faculty of Education, Garmian University
2- Department of History, Faculty of Education, Garmian University
3- Department of History, College of Education, Garmian University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | May, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August , 2025 |

**Keywords**

Strategy ,Cireular house, Creative thinking , Academic achievement

**Corresponding Author**

fahmisaid159@gmail.com
Munadil.abbas@garmian.edu.krd
Syamand.karem@garmian.edu.krd

**Abstract:**

The aim of the study is to determine the effect of using the circle house strategy on academic achievement and the development creative thinking on social issues among eighth grade students Proving the objectives The researcher formulated three zero hypotheses.

The researcher relied on a balanced group experimental design, which includes two groups, the experimental group, which taught according to the circle house strategy and the control group, which taught in the normal way Pre- and post-tests for creative thinking variables and post-tests for academic achievement.

The research population consists of eighth grade students in primary schools under Kalar Education Directorate for the academic year (2024-2025), the number of (38) The researcher deliberately chose Kurdoqasmi Primary School as the research option.

The researcher balanced the two groups in terms of the literacy level of the students' parents, age, intelligence, students' last year's grades in social subjects, their background knowledge on the subject, Their priority is for creative thinking).

The researcher used two criteria in the study. First, the academic achievement test consisted of drafting 40 questions of several choices according to three levels of classification Bloom (remember, understand, implement), then the researcher extracted the truth and the test substitute.

Second, the measure of creative thinking consisted of 45 items, then the researcher determined the truth and validity of the test.

After the experiment, the researcher analyzed the data through statistical methods such as T-test and chi-square.

At the end of the study, the researcher presented the findings of the study with a set of recommendations for stakeholders and made some suggestions for future researchers.

Keywords: (Strategy, Circle House, Academic Achievement, creative thinking).

| | |
|---|---|
| | |